پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (23) لە یاسای کار ژمارە (71)ی ساڵی (1987) ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2015

## کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

### بەشی یەکەم

### پێناسە و ڕێککارەکان

ماددەی یەکەم:

یەکەم : هەرێم : هەرێمی کوردستان _ عێراق.

دووەم : وەزارەت : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

سێ یەم : وەزیر : وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

چوارەم : بیانی : هەرکەسێك کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت و ئارەزووی کارکردن بکات لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە سیفەتی کرێکار لە کەرتی تایبەت یان تێکەڵاو یان هاریکاری

پێنجەم :کار: هەر چالاکییەك بێت کە لەلایەن کەرتی تایبەت یان تێکەڵاو یان هاریکاری ئەنجام بدرێت .

شەشەم : مۆڵەتی کار : بەڵگەنامەیەکی فەرمیە لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچێت بەپێی نموونەیەك کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە و ماف دەداتە کرێکار بۆ کارکردن لە هەرێم .

حەفتەم : کۆمپانیای هێنانی کرێکار : هەر کۆمپانیایەکی تۆمارکراو بەشێوەیەکی فەرمی کە خاوەنەکەی کەسێکی عێراقیی دانیشتووی هەرێم بێت و ڕێپێدراو بێت لەلایەن وەزارەتەوە بە هێنانی کرێکاری بیانی لە دەرەوە بەپێی یاساکانی کارپێکراو .



Scanned with CamScanner

هەشتەم : کۆمپانیا یان پرۆژەی کارپێکەری کرێکاری بیانی : هەر کۆمپانیایەکی تۆمارکراو یان پرۆژەیەکی مۆڵەت پێدراو کە کرێکاری بیانی بەکار بهێنێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی کارپێکراو.

نۆیەم : مۆڵەتی کۆمپانیا بۆ هێنانی کرێکاری بیانی : بەڵگەنامەیەکی فەرمیە لەلایەن وەزارەتەوە دەردەکرێت بەپێی نموونەیەك کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە و ماف دەداتە کۆمپانیای هێنەر بۆ هێنانی کرێکاری بیانی .

دەیەم : کاری ناومال : ئەو کارەی کە لەناو خێزاندا ئەنجام دەدرێت وەکو کارێکی سروشتی کە ئەندامانی خێزان خۆیان دەتوانن بیکەن وەکو کاری (خاوێن کردنەوە و چێشت لێنان و شوشتن و هی تر..) .

یازدەهەم : کرێکاری ناومال : هەر کەسێك بەکرێ گیرابێ بۆ کاری ناومال (کارکردن لەمال) لە چوارچێوەی گرێبەستی کاردا، ئەگەر هاتوو (پیاو بێ یان ژن).

دوازدەهەم : خاوەن مال : هەر کەسێکی سروشتی کە کرێکارێك بەکاردێنێ لەماڵەکەی خۆی بەرامبەر بەکرێ .

ماددەی دووەم:

یەکەم : مۆڵەتی هێنانی کرێکار لەلایەن وەزیرەوە یان هەرکەسێکی ڕێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە ، دەدرێتە کۆمپانیایەکە دوای دەستەبەرکردنی مەرجەکانی هاتوو لەو ڕێنماییە.

دووەم : ماوەی مۆڵەتی هێنانی کرێکار یەك ساڵە و دەکرێت نوێ بکرێتەوە لەسەر داوای خاوەنەکەی بەلایەنی کەم مانگێك پێش بەرواری کۆتایی هاتنی ماوەکەی .

سێیەم : ئەم برە پارانە لە کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی لە هەرێم وەردەگیرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-بڕی (1,000,000) یەك ملیۆن دینار وەردەگیرێت لە بڕی پێدانی مۆڵەتی هێنانی کرێکاری بیانی.

Scanned with CamScanner

1-بڕی (1,000,000) یەك ملیۆن دینار وەردەگیرێت لە بڕی پێدانی مۆڵەتی هێنانی کرێکاری بیانی.

2-بڕی (500,000) پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت لە بڕی نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکە بۆ ماوەی ساڵێك.

ماددەی سێیەم :





یەکەم: مۆڵەتی کارکردنی کرێکاری بیانی لەلایەن وەزیرەوە یان هەرکەسێکی ڕێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە ، دەدرێتە کرێکاری بیانی بەپێی مەرجەکانی هاتوو لەو ڕێنماییە.

دووەم : ماوەی مۆڵەتی کار یەك ساڵە و بەپێی پێویستی نوێ دەکرێتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مەرجانەی لەو ڕێنماییەدا هاتوون و پێویستە کەسی بیانی لە ڕێگەی خاوەنکارەکەیەوە داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی بکات بە لایەنی کەم مانگێك پێش بەرواری کۆتایی هاتنی ماوەکەی .

سێیەم: کرێکاری بیانی مافی ئەوەی نیە بچێتە سەر کار پێش بەدەست هێنانی مۆڵەتی کار کردن.

ماددەی چوارەم :

نابێت خاوەنکار لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو و هاریکاری , کار بە هیچ بیانییەك بکات ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی بەدەست نەهێنابێت بەپێی ئەو مەرج و ڕێککارانەی لەو ڕێنماییەدا دیاری کراون.

ماددەی پێنجەم :

لەکاتی ڕەزامەندبوون لەسەر داواکاری هێنانی کرێکاری بیانی و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن, پێویستە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت :

Scanned with CamScanner

لەکاتی ڕەزامەندنبوون لەسەر داواکاری هێنانی کرێکاری بیانی و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن، پێویستە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت :

یەکەم : پێویستی هەرێمی کوردستان بە دەستی کاری کرێکاری بیانی لە ژێر ڕۆشنایی پێویستی بازاڕی کار و داواکاری وپێداویستیەکانی هەر پارێزگایەك ، ئەویش دوای دڵنیابوون لەم داواکاریانە لەرێگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار.

دووەم: پشتگیری کردنی فەرمانگەکان و لایەنە تایبەتمەند و پەیوەندیدارەکان ، وە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی پێویست بە لاری نەبوونی کارکردنی کەسی بیانی لەناو هەرێم .

ماددەی شەشەم :

یەکەم : پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا و خاوەن پڕۆژانەی کە کار بە کرێکاری بیانی دەکەن ، گرێبەست بکەن لەگەڵ کرێکاری بیانی کارپێکراو بەپێی یاساکانی کار و خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران و ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەت دەرچووە.

دووەم: گرێبەستی کار بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار نوێ دەکرێتەوە و پێڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

سێیەم: نابێت کۆمپانیا هیچ بڕە پارەیەك وەربگرێت لە بەرامبەر نوێکردنەوەی گرێبەستی کار.

ماددەی حەوتەم :





هەر کەسێکی بیانی نیشتەجێی هەرێم بێت و کارتی نیشتەجێبوونی هەبێت کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و بیەوێت لە هەرێم کار بکات پێویستە ئەم ڕێککارانەی خوارەوە بگرێتەبەر بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی کارکردن :-

Scanned with CamScanner

مانگ و بیەوێت لە هەرێم کار بکات پێویستە ئەم ڕێککارانەی خوارەوە بگرێتەبەر بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی کارکردن :-

یەکەم : پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار وەیان لەڕێی ئەو خاوەنکارەی کە دەیەوێت کاری پێبکات.

دووەم : پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی یاسایی کە تیایدا هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو هەرێم و نیشتەجێبوونی بە شێوەیەکی یاسایی چەسپێندرا بێت.

سێیەم : پێویستە داواکارییەکە گشت ئەو زانیارییانە لەخۆوە بگرێت کە پەیوەندیدارن بە لێهاتوویی کرێکار و پاڵپشت بێت بە بڕوانامە و بەڵگەنامەی پێویست کە ناو و ڕەگەزنامە و بەڵگەنامەی بێ تاوانی و جۆری کار و ماوەی کارکردن و ناوی خاوەنکارەکەی و ناونیشانی تەواوی تیابێت .

چوارەم : کۆمپانیا یان خاوەنکار هەڵدەستێ بە پێشکەش کردنی دەستەبەری دادی بۆ کرێکارە بیانییەکە و بەرپرسیار دەبێت لێی تا ئەو کاتەی گرێبەستی کارەکەی تەواوبێت .

ماددەی هەشتەم :

کۆمپانیای مۆڵەت پێدراو بۆ هێنانی کرێکاری بیانی، پێویستە بڕی (50000$) پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك دەستەبەری بانکی لە بانکە حکومیەکان دابنێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(20000$) بیست هەزار دۆلاری ئەمریکی بەشێوەی نەختی و بڕی (30000$) سی هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك نامەی دەستەبەری (خطاب ضمان) لە ژێر ژمێرێکی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار، ئەم بڕە پارەیە خەرج دەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی پێکهێنراو بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری کار و ئەندامێتی هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران، ئەمەش لەکاتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە یاسا و ڕێنماییەکانی دەرچوو و لەکاتی پێویستدا. وە لەکاتی خەرج کردنی هەر بڕە پارەیەك لە مایەی ئاماژەپێکراو ، پێویستە لەسەر کۆمپانیا قەرەبووی ئەو بڕە بکاتەوە بۆ ژمارەی ژمێریەکە لەماوەی (15) پازدە ڕۆژدا.

ماددەی نۆیەم :

پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی و خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان و هوتێل وچێشتخانە پێنج ئەستێرەکان و بەرەو سەرەوە کە ئارەزوو دەکەن کار بە کرێکاری بیانی بکەن، رەچاوی ئەم رێککارانەی خوارەوە بکەن:

**یەکەم :**

أ- داواکارییەکی نووسراو پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار بکەن لە پارێزگاکان لەگەڵ لیستێکی هاوپێچ کە زانیاری تەواوی لەخۆ گرتبێت لەبارەی کرێکارە بیانیەکان و لێهاتووییان کە دەیانەوێت بیانهێننە ناو هەرێم .

ب- هەستان بە راگەیاندن بۆ دوو جار لە ماوەی (15) رۆژدا لە راگەیاندنی بینراو و خوێندراو سەبارەت بە پێویستییان بە کرێکار و لەگەڵ دیاری کردنی جۆر و شوێنی پرۆژەکە وجۆری کار و بڕی کرێ و ژمارەی کرێکار و پسپۆری و لێهاتوویی داواکراو.

ج- پێشکەش کردنی دانەیەك لە کۆپی گرێبەستی کار لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان .

د- لە سەر خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان ئەوانەی کار بە کرێکاری بیانی دەکەن بڕێك پارە کە لەنێوان ($500) پێنج سەد دۆلار تا($1000) هەزار دۆلار دابنێن بۆ هەرکرێکارێك بەپێی خەرجی وڵاتەکەی وەکو بارمتە لە بانکە حکومییەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی کرێکاری بیانی و گەڕاندنەوەی بۆ وڵاتی خۆی دوای کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەی یان نوێکردنەوەکەی. وە کۆی بڕی دانراو لە ($25000) بیست و پێنج هەزار دۆلار زیاتر نەبێت.

هـ- نابێت کۆمپانیای هێنانی کرێکار، کرێکارانی بیانی بەکار بهێنێت بۆ کاری رۆژانە و بازرگانیان پێوە بکات.

و- نابێت خاوەن پرۆژەی وەبەرهێنان هیچ کرێکارێك بداتە هەر کۆمپانیایەك یان پرۆژەیەکی تر بەرامبەر بڕێك پارە یان هەر جۆرە قازانجێك.

دووەم : کۆمپانیا مۆڵەت پێدراوەکان و خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان ، بەرپرسن و دەستەبەرن لە کرێکارانی هێنراو لەکاتی هاتنە ژوورەوەیان بۆناوخاکی هەرێم تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی

Scanned with CamScanner

16 / 56 | − 100% +

سێیەم : ئەگەر لە گرێبەستی کار بۆ بیانی بە ڕوونی ئاماژەی پێنەکرا بێت، پێویستە لەسەر کۆمپانیا یان خاوەنکار پلیتێکی گەشتکردن لەسەر ئەرکی خۆی بداتە بیانیەکە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی





هێنراوە ئەگەر لەکارەکەی نە پچڕا بێت پێش کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەی بەهەر هۆیەکی نایاسایی.

چوارەم : لەکاتی مردنی کرێکاری بیانی، پێویستە لەسەر کۆمپانیا یان ئەو ماڵەی کە کار بە کرێکارە بیانیەکە دەکات:

أ- پێڕاگەیاندنی کۆمپانیای هێنەر و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار و نزیکترین بنکەی پۆلیس لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (24) کاتژمێر.

ب- لەسەر کۆمپانیای هێنەر و خاوەن پرۆژە وەبەرهێنەرەکان پێویستە هەستن بە مامەڵەکانی دەرکردنی بەڵگەنامەی کۆچکردن بۆ کرێکاری مردووە و هەروەها هەڵبستن بە ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ وڵاتەکەی یان شوێنی نیشتەجێی بە پێی ڕێوڕەسمی ئاینی خۆی بە مەرجێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە لە هەرێم کاری پێدەکرێت . و ئەگەر کۆمپانیا بە ئەرکی گواستنەوەی تەرمەکە هەڵنەستا، پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە و سەندیکای کرێکاران ئەو کارە ئەنجام بدەن لەسەر بارمتەی (تأمینات) دانراوی کۆمپانیا لە بانکە حکومییەکان.

ماددەی دەیەم :

پێویستە لەسەر کرێکاری بیانی پابەند بێت بەمانەی خوارەوە:

Scanned with CamScanner

**ماددەی دەیەم :**

پێویستە لەسەر کرێکاری بیانی پابەند بێت بەمانەی خوارەوە:

یەکەم : وازهێنان لەکار لەکاتی کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی ئەگەر نوێ نەکرایەوە.

دووەم : مۆڵەتەکەی ڕادەستی خاوەنکارەکەی بکات لەکاتی کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکەی یاسایی بۆ ئەوەی بگەڕێندرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار.

**ماددەی یازدەهەم:**

پێویستە لەسەر کۆمپانیا و پرۆژەکانی کاربێکەری کرێکاری بیانی پابەندبن بەمانەی خوارەوە:

یەکەم : تۆمارێکی هەبێت کە زانیاری پێویستی دەربارەی کرێکارانی بیانی لەخۆوە گرتبێت.

دووەم : دانانی کرێکارانی خۆماڵی وەك یاریدەدەری کرێکارانی بیانی، ئەوانەی کرێکاری تەکنیکین لە پرۆژەکان کە لێهاتوویەکانیان گونجاو بێت لەگەڵ لێهاتوویی کرێکارە بیانییەکان بۆ مەشق پێکردنیان لەسەر ئەو کارانە لە ماوەی کارکردنەکەیاندا .

سێیەم :





أ- لەکاتی گۆڕینی شوێنی کارکردنی کرێکاری بیانی پێویستە ڕەزامەندی فەرمی بەدەست بێنێ لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار و نشینگە لەگەڵ دیاری کردنی هۆی گۆڕینی شوێنەکە بەپێی مەرجەکانی یاسایی و ئەو ڕێنماییانەی کە لەم بارەیەوە دەرچوون.

ب- ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار لە کاتی وازهێنانی کرێکاری بیانی لەکارەکەی یان لەکاتی کۆتایی هاتنی ڕاژەکەی یان کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی یان بەجێ هێشتنی هەرێم

[illegible]

ب- ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار لە کاتی وازهێنانی کرێکاری بیانی لە کارەکەی یان لەکاتی کۆتایی هاتنی ڕاژەکەی یان کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی یان بەجێ هێشتنی هەرێم ، بۆیە دەبێت مۆڵەتی کارکردنەکە بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنەکانی سەرەوە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی پچڕانی پەیوەندی پێ بدرێت بەپێی یاسا.

**ماددەی دوازدەهەم :**

وەزیری کار، یان ئەو کەسەی کە ڕێپێدراوە لە لایەن وەزیرەوە بۆی هەیە :

**یەکەم:** وەستاندنی کارکردن بە (مۆڵەتی هێنانی کرێکاری بیانی)ی کۆمپانیاکان بۆ ماوەی (6) شەش مانگ لە کاتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان دوای ئاگادار کردنەوە بۆ یەك جار.

**دووەم :** سەندنەوەی (مۆڵەتی هێنانی کرێکارانی بیانی) لە کۆمپانیا دوای بەجێهێنانی بڕگەی سەرەوە لەکاتی سەرپێچی کردن یاسا و ڕێنماییەکانی دەرچوو ، و بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان ڕابگەیەنرێت کە هیچ ئەستۆپاکیەك بۆ ئەو کۆمپانیایە نەکرێت کە مۆڵەتەکەی لێ وەرگیراوە و بەرپرسیارەتی ئەو کرێکارانەی کە هێناویەتی لەئەستۆی دەمێنێت تا تەواوکردنی سەرجەم پابەندیەکانی کە لەسەریەتی ، وەیان ڕێکەوتنێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی هێنەری کرێکاری تری مۆڵەت پێدراو بکات کە هەموو کرێکارە هێنراوەکان وئەو بەرپرسیاریەتییەی کەلەسەریەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی .

**سێیەم :** سەندنەوەی مۆڵەتی پێدراو بۆ هێنانی کرێکارانی بیانی ئەگەر کۆمپانیا هەڵنەستێ بە هێنانی کرێکارانی بیانی لەماوەی (1) یەك ساڵ لە بەرواری دەرچوونی مۆڵەتەکە.

**چوارەم :** ئەو کۆمپانیایەی مۆڵەتی هێنانی کرێکاری بیانی لێسەنراوەتەوە بەهۆی سەرپێچیکردنی یاسا وپەیڕەو ورێنماییەکان ، مافی پێشکەشکردنی داواکاری بۆمۆڵەتێکی نوێ تری نیە ، تەنها دوای تێپەڕبوونی (1) یەك ساڵ لەو بەروارەی سەندنەوە مۆڵەتەکە.

**ماددەی سێزدەهەم:**



Scanned with CamScanner

مۆڵەتی کۆمپانیا بۆ هێنانی کرێکاری بیانی هەڵدەوەشێتەوە لەکاتی داواکردنی لەلایەن کۆمپانیاوە پاش پابەند بوونی تەواوی کۆمپانیا بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و ئەستۆپاکی ، وەیان کۆمپانیایەکی تری مۆڵەت پێدراو بەڵێن بدات بە لە ئەستۆ گرتنی هەموو ئەو کرێکارانەی کە لە ئەستۆی کۆمپانیا مولەت هەڵوەشێنراوەکە دابوو بە ڕێککەوتنی لەگەڵی دا, وە لایەنی دووەم سەرجەم پابەندی و بەرپرسیارەتیەکان لەئەستۆ دەگرێت کە پەیوەندەی بەکۆمپانیا هەڵوەشێنراوەکەیە.

ماددەی چواردەهەم :

یەکەم : مۆڵەتی کارکردن هەڵدەوەشێتەوە لە هەر کاتێکدا بێت لەم بارانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر دەرکەوت زانیاری و بەڵگەنامەکان لەسەر داواکردنی مۆڵەتی کار نادروست بوون.

ب- ئەگەر بوونی کرێکاری بیانی ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی.

ج- ئەگەر خاوەنکار بەشێوەیەکی نایاسایی کۆتایی بە گرێبەستی کرێکارێکی خۆماڵی هێنا و کرێکارێکی بیانی لە شوێنی دانا, وە کرێکاری یەکەم هەمان لێهاتوویی و مەرجەکانی کارکردنی هەبێت کە کرێکاری دووەم هەیەتی.

دووەم : هەڵوەشاندنی مۆڵەت ڕێگرنیە لە ڕەوانەکردنی کرێکاری بیانی یان خاوەنکار بۆ دادگاکان ئەگەر سەلمێنرا کە هەڵساون بە یەکێك لەوسەرپێچیانەی کە لە خاڵەکانی بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتووە.

## بەشی دووەم:

## بەندە تایبەتەکان بە کرێکارانی بواری خزمەتگوزاریی ناو ماڵان

ماددەی پازدەهەم: پابەندبوونی کرێکاری ناو ماڵ :

یەکەم : پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خاوەن ماڵ داوایان دەکات کە گونجاون لەگەڵ سروشتی کارەکەی و هەروەها دژی بنچینە یاساییەکان و دابونەریتی گشتی نین.

دووەم : پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو ماڵەی کە کاری تێدا دەکات , و پارێزگاری کردنی کەل وپەل و نهێنییەکانی ناو ماڵەکە تەنانەت ئەگەر لەوێش نەما .

سێیەم : پابەند بوون بە جێنەهێشتنی ماڵەکە لە کاتەکانی کارکردندا بە بێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ .

چوارەم : بۆی نیە دوای کاتژمێر (10)ی شەو لە شوێنە گشتییەکان وپارك و مۆڵ بێت ئەگەر یەکێك

Scanned with CamScanner

سێیەم : پابەند بوون بە جێبەجێکردنی ماڵەکە لە کاتەکانی کارکردندا بە بێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ .

چوارەم : بۆی نیە دوای کاتژمێر (10)ی شەو لە شوێنە گشتییەکان وپارك و مۆڵ بێت ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵدا نەبوو، بە هەر هۆیەك بێت.





پێنجەم : ئەگەر کرێکارەکە لە ماڵەکە رای کرد بێ ئەوەی خاوەن ماڵ هۆکاری ئەو راکردنە بێت ، ئەوا گشت بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی دەرەنجامی ئەو کارە دەکەونە ئەستۆی خۆی لەگەڵ تێچووەکانی گەڕانەوەی بۆ وولاتەکە.

ماددەی شازدەهەم: بەرپرسیارێتییەکانی خاوەن ماڵ:

یەکەم : خاوەن ماڵ پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی ئەو رێککارانە بەرامبەر بە کرێکاری ناوماڵ لەو بارانەی خوارەوەدا:

أ- پابەندبوون بە پێدانی کرێی مانگانەی کرێکارەکە بە پێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵیدا.

ب-هەستان بەگەیاندنی بۆ نزیکترین نەخۆشخانە لە کاتی رووداوی پێکان لەکاتی کارکردن وەیان بە هۆیەوە بۆ چارەسەرکردنی وە پێراگەیاندنی رووداوەکە بە (بەرێوەبەرایەتی کار و کۆمپانیای هێنەر و نزیکترین بنکەی پۆلیس) .

ج- لە شوێنی جێنشینی بەردەوام یان کاتیی خۆی و خێزانەکەی کاری پێ دەکات و هیچ کەسێکیش بۆی نیە فەرمانی کارکردنی پێبدات جگە لە خاوەن ماڵ و ئەندامانی خێزانەکە.

د- پێدانی مافەکانی لە پشووی هەفتانە و پشووە فەرمییەکان و مۆڵەتی ساڵانەی.

هـ- بە رێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و گشت پێداویستیە گونجاوەکانی کارکردن و مەرجەکانی بۆی دابین بکات و دابین کردنی گشت پێداویستیەکانی خودی کرێکارەکەش لە خۆراك و پۆشاك و

هـ- بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و گشت پێداویستیە گونجاوەکانی کارکردن و مەرجەکانی بۆی دابین بکات و دابین کردنی گشت پێداویستیەکانی خودی کرێکارەکەش لە خۆراك و پۆشاك و خواردنەوە و تەرخانکردنی ژوورێکی تایبەتی گونجاو بۆی کە هۆکارەکانی حەوانەوە و نووستنی تێدا بێت.

و- مانگانە دوو جار، خەرجی هۆکاری پەیوەندیکردنی کرێکارەکە بە خێزانەکەی دابین بکات بە شێوەیەك کە هەر جارێك لە (20) خولەك کەمتر نەبێت، و کرێکارەکە بۆی هەیە لە سەر ئەستۆی خەرجی خۆی پەیوەندیی زیاتریش بکات.

دووەم : لەسەر خاوەن ماڵ ، لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکاتەوە ( بەڕێوەبەرایەتی کار و کۆمپانیای هێنەر و بەڕێوەبەرایەتی نشینگە ) لە کاتی راکردنی کرێکار یان ونبوونی ، لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (24) کاتژمێر لەو کاتەی کە بە رووداوەکە دەزانێت.

ماددەی حەڤدەم: پابەندییەکانی کۆمپانیای هێنانی کرێکاری خزمەتگوزاریی ناوماڵان:





یەکەم : کۆمپانیای هێنەر هەڵدەستێت بە ناردنی نووسراوێکی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار لە پارێزگاکان ، تێیدا داوای پێدانی رەزامەندی دەکات لەسەر هێنانی کرێکارانی خزمەتگوزاری ناوماڵان ، ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە لەگەڵدا هاوپێچ دەکات:

أ- وێنەیەك لە داواکاری خاوەن ماڵ کە پێشکەشی کۆمپانیای کردووە، ئەگەر زیاتر لە یەك داواکاری هەبوون ئەوا دەیانکاتە یەك لیست.

Scanned with CamScanner

أ- وێنەیەك لە داواكاری خاوەن ماڵ كە پێشكەشی كۆمپانیای كردووە، ئەگەر زیاتر لە یەك داواكاری
هەبوون ئەوا دەیانكاتە یەك لیست.

ب-وێنەیەك لە گرێبەستی هێنانی كرێكاری بیانی كە لە نێوان خاوەن ماڵ و كۆمپانیاكە ، لەگەڵ گشت پێداویستیە فەرمییەكانی كە ئاماژە پێكراوە لە (ماددەی پێنجەم/ بڕگەی دووەم) و (ماددەی حەوتەم / بڕگەی چوارەم) ی سەرەوە.

ج- وێنەیەك لە سیڤی(C.V) كرێكاری ناوماڵەكە كە تێیدا گشت زانیاری و لێهاتووییەكانی روون كرابێتەوە.

گشت ئەو بەڵگەنامانەی سەرەوە لە سەر (CD) یەك دادەنرێن لەگەڵ مامەڵەكە هاوپێچ دەكرێن.

دووەم : لە كاتی گەیشتنی كرێكاری بیانی بۆ ناو هەرێم، پێویستە كۆمپانیای هێنەر ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات :

أ- دابین كردنی جێ و شوێنی گونجاو بۆ كرێكارەكە.

ب- ئەنجامدانی پشكنینە پزیشكییە پێویستەكان بۆ كرێكارەكە لە یەكێك لە نەخۆشخانەكانی هەرێم كە باوەرپێكراو بێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە. وە ئەگەر دەركەوت كە نەخۆشییەكی درمی هەیە یاخود بوونی نیشانەكانی دووگیانی لە ئافرەتە كرێكارەكە ، ئەوا پێویستە كۆمپانیاكە لە ماوەی (24) كاتژمێردا بیگەڕێنێتەوە ئەو وڵاتەكەی كە لێی هێنراوە.

ج- سەردانی كردنی فەرمانگە پەیوەندیدارەكان بۆ تەواوكردنی مامەڵەكانی كرێكارەكە لە ماوەیەك كە لە (15) رۆژ تێنەپەڕێت، لە رۆژی گەیشتنی .

د- رادەستكردنی كرێكارەكە بۆ خاوەن ماڵ لە ماوەیەك كە زیاتر نەبێت لە (3) رۆژ دوای گەیشتنی بۆ هەرێم دوای دڵنیابوون لە بێوەیی و ئەنجامدانی پشكنینە پزیشكییە پێویستەكان ، و ناكرێ بە هیچ شێوەیەك لای خۆی بیهێڵێتەوە وەیان رادەستی كەسێكی دیكەی بكات.

سێیەم : پێویستە لەسەر كۆمپانیای هێنەر گشت زانیاری و ئامارەكان لە بارەی كرێكارە هێنراوەكانی بداتە بەڕێوەبەرایەتییەكانی كار لە پارێزگاكان و بەدواداچوونی بەردەوامیان بۆ بكات .

## بەشی سێیەم:
## ئەحکامە گشتییەکان

ماددەی هەژدەهەم :

پێویستە پێش یەك (1) مانگ لەکۆتاییهاتنی گرێبەستەکە، بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر بیەوێت گرێبەستەکە نوێبکاتەوە یان نوێ نەکاتەوە.

ماددەی نۆزدەهەم:

ماوەی گرێبەست دوو ساڵ دەبێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە و بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە و بە پێی پێویست، و نوێکردنەوەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم : لە کاتی ڕەزامەندبوونی هەردوو لایەن (خاوەن ماڵ و کرێکار) لەسەر نوێکردنەوە، لەسەر کرێکارەکە داواکارییەك پێشکەش بکات سەبارەت بە ڕازیبوونی لەسەر نوێکردنەوەکە، و کۆمپانیای هێنەریش داواکاریی نوێکردنەوەکە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار دەکات لە پارێزگاکان.

دووەم: لە کاتی ڕازیبوونی هەردوو لایەنی سەرەوە لەسەر نوێکردنەوەکە ، کۆمپانیای هێنەر بۆی نییە ئەو نوێکردنەوەیە ڕەت بکاتەوە.

سێ یەم: لە کاتی پێویستی زۆر ، بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکە بۆماوەی یەك ساڵی تری هەیە وەکو دواترین ماوە.

ماددەی بیستەهەم :

نابێت کرێکار بهێنلرێت و کاری پێ بکرێت تەمەنی لە (18) ساڵ کەمتر بێت .

ماددەی بیست و یەکەم:

ماوەی تاقی کردنەوەی کرێکار بەپێی یاسا (90) نۆهەت ڕۆژە.

ماددەی بیست و دووەم:

لەکاتی گواستنەوەی شوێنی کۆمپانیا بۆ شوێنێکی تر پێویستە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کار بکرێت.

ماددەی بیست و سێ یەم: دابڕانی

Scanned with CamScanner

لەکاتی رازی نەبوونی کرێکارەکە لە بەردەوام بوون بە کارکردن لە لای خاوەن ئەوماڵەی کە بەکرێی گرتووە بە بێ بوونی هۆکارێکی رەوا و پێش تەواوبوونی گرێبەستەکەی ئەم رێ و شوێنانەی خوارەوە لەبەرامبەری دەگیرێتەبەر:

یەکەم : هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی و ناردنەوەی بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی هاتووە.

دووەم : قەدەغەکردنی هاتنی بۆ ناو هەرێم جارێکی تر لە لایەن هەر کۆمپانیایەك بێت.

ماددەی بیست و چوارەم:

لەکاتی رەزامەند نەبوونی کرێکارەکە بە نوێ کردنەوەی گرێبەستی کۆتایی هاتووە لەگەڵ خاوەن ئەو ماڵەی کە بەکاری هێناوە بە بێ بوونی هۆکارێکی رەوا، مافی کارکردنی نیە لەلایەن هیچ خاوەن ماڵێکی تر.

ماددەی بیست و پێنجەم:

بە پێی ئەحکامی ماددەی (24/ دووەم )ی لە یاسای کاری کارپێکراو هەر لایەنێك سەرپێچی ماددەی (23) ی هەمان یاسا و ئەم رێنماییانە بکات سزا دەدرێت .

ماددەی بیست و شەشەم:

ئەمانەی خوارەوە لە ئەحکامی ئەم رێنماییانە بەدەر دەبن و نایانگرێتەوە:

یەکەم : کرێکارانی دام و دەزگا نێودەوڵەتیەکان و نێردراوە دیبلۆماتکارەکان و قونسوڵخانە بیانیەکانی رێپێدراو لە هەرێم.

دووەم : ئەو بیانیانەی یاسا و رێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کە حکومەت لایەنێکە تیایدا رێگە پێدراون بە ئەنجامدانی کارەکانیان لە هەرێم .

سێیەم : ئەو بیانیانەی لە لای حکومەت کار دەکەن.

ماددەی بیست و حەوتەم:

رێنماییەکانی ژمارە (3) ی ساڵی (2013) هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی بیست و هەشتەم:

ئەم رێنماییە لەبەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

Scanned with CamScanner

ماددەی بیست و هەشتەم:

ئەم ڕێنماییە لەبەرواری بڵاوکردنەوەی  لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.





محمد قادر محمد

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

Scanned with CamScanner